

# لەوڵاتەکەی خۆی دژایەتی دەکرێ
# ئۆرهان پاموك نۆبڵ وەردەگرێ

ئەکادیمیای سویدی لەهەڵبژاردنی ئەمساڵیشدا بۆخەڵاتی نۆبڵی ئەدەب گفتوگۆیە کی کۆنی نوێکردەوە، ئۆرهان پاموك خەڵاتی 2006ی وەرگرت،ئەورۆماننوسێکی بەناوبانگی تورکیایەوماوەیەکە لەڕێی ڕۆمان هەڵوێستەکانیەوەبوتەجێگەی سەرنجی ناوەندە ئەدەبی و سیاسیەکان.

پاش ڕاگەیاندنی لیژنەی نۆبڵ جۆرەناڕازیەك لەناوەندی ڕەسمی و لەلایەن نەتەوەپەرستە تورکەکانەوە بەرامبەر ئەوهەڵبژاردنە ڕاگەیەنراو هەموشیان لەوتەکانیان ئەوەیان دوبارەدەکردەوە کەدژی هەڵوێستەکانی "پاموك"ن، باشە پاموك چی کردوە.؟ پێشتر لەڕوسیا هەمان هەڵوێست لەبەرامبەر "بۆریس باسترناك" دروست بوو کاتێك نۆبڵی پێ بەخشرا، تا ئەو ئەندازەیە دەسەڵاتی سووری پێ هەراسان بوو کە نەیانهێشت "باسترناك" بچێ و خەڵاتەکەی وەربگرێت.

شتێکی لەو چەشنە دەربارەی "سولجنستن" لەئارادا بوو، بەڵام ئەو پێشتر وڵاتی جێهێشتبوو بۆیە توانی خەڵاتەکە وەربگرێت..

تورکیا شتێکی نوێی دانەهێناوە بەو دژایەتی کردنە، بەڵام پاموك زۆرشتی نوێی داهێناوە بەسەر لەنوێ خوێندنەوەی ڕوداوەکانی مێژووی تازەی تورکیا، ئەو گیانی لەخۆبوردویی و مرۆڤ دۆستی توانی تەمی دەوری قەتڵوعامی ئەرمەنەکان لەسەردەمی هەرەسی ئیمپراتۆری عوسمانیەکان لەنێوان (1915–1917) و قوربانیانی شەڕی دژی "پ.ك.ك"ە 30هەزار قوربانین، بڕەوێنێتەوەو ئەو توندوتیژیو دڵڕەقییە ئیدانە بکات و ئەو جۆرە لەخۆبردویی و داوای لێبوردنە بکاتە پێوانە بۆ دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لەتورکیا لەڕێی تێگەیشتن لەناسنامەکان نەك ڕەتکردنەوەی یان، ئەوە ئەو گیانە تازەیەیە کە پاموك زیندوی کردوەتەوە، ڕۆژهەڵات پێویستی بەو گیانە هەیە لەهەموشتێك زیاتر..

پاموك پێشەنگی ڕۆمانی تازەی  توركیایە وەك چۆن لەهەڵوێستەكانیدا تازەیە، ئەو گۆشەنیگایەكی ئێجگار مرۆڤ دۆستانەی هەڵبژاردوە بۆ خوێندنەوەی ڕوداوەكان و بینینیان، دەڵێن بەهاتنی پاموك سەردەمی یەشار كەمال تەواوبوو وەكو چۆن ئێستا ڕۆژانی كۆتایی بەهاكانی ئەتاتورك كە لەبواری سیاسەتی توركیادا، پێم وایە ئەدەب بەو جۆرە پێوانەیە ناپێورێت بەڵام نكولی ناكرێ كە سەردەم و دەنگ و شێوازو دەربڕینی خۆی هەیە..

لەڕاگەیاندنی لیژنەی نۆبلێ هاتوە: پاموك ڕەمزێكی تازەی دۆزیوەتەوە كە گوزارشت لەبەریەككەوتنی شارستانیەتەكان و بەیەكداچونیان بكات لەسۆنگەی گەڕان و پشكنینیدا بەدوای ڕۆحی چڕی شار، ئەو شارەی كە تێیدا لەدایك بووە، هەروەها ئەوەشی تێدا هاتوە كە هەڵدانەوەی ڕەگەزو ناسنامەكان گیانێكی بەرزی لەخۆبردویی تۆماركردوە.

ماوەیەكە ئۆرهان پاموك سەرنجی خوێنەرانی لەهەموو دنیا بەلای خۆیدا ڕاكێشاوە، ڕۆژێكیان برادەرێكم لەكەنەداوە تەلەفونی بۆ كردم و باسی دوو ڕۆماننوسی دیاری ئەم سەردەمەی كرد كە لەئێستا لەكەنەداو ئەوروپا زۆر ناسراون، یەكێكیان پاموكبوو، كەوتم دەیناسم و بەرهەمیم خوێندوەتەوە و ڕاوبۆچونەكانیم لەڕێی ئینتەرنێتەوە بەردەست كەوتوە، وتی دەنا ئێستا لێرە ئەوانە پڕفرۆشترین نوسەرن.

یەكەمجار كە چومە توركیا كتێبێكی" پاموك"م لەگەڵ خۆم برد "الكتاب الاسود" بەعەرەبی، وتم ئەو چەند ڕۆژەی لەئەستەمبول دەمێنمەوە ئەو ڕۆمانەی پاموك دەخوێنمەوە، ئەو باسی شتێك دەكات من ناتوانم لەو شارەدابیبینم و بەچاوی ئەو دەتوانم قوڵتر بڕوانم هەرواش بوو، لەفڕۆكەخانە پۆلیسێك جانتاكانی دەپشكنی، لەبەرئەوەی هێندەم خوێندبویەوە كە توركیا دژایەتی پاموك دەكات تائاستی ئەوەی لەهەندێ جێگەدا كتێبەكانیان سوتاندووە، وتم پۆلیس گرفتێكم بۆدروست نەكات بەبیانوی كتێبەكەوە، چونكە ئەو جۆرە ڕەفتارە دزێوانە لەخاڵەكانی پشكنینی ئەو وڵاتەدا لەبەرامبەر كوردەكان ڕویداوە. دیارە پۆلیس كتێبی مەبەست نەبوو، دوای 11ی سێپتەمبەر مەترسی چوبوە سەرشتی تر، كە چومە ئەستەنبول و كتێبخانەكان گەڕام پڕبون لەكتێبی پاموك و هەندێكیشی كرابوون بەكرمانجی.

ئۆرهان پاموك لە 7ی حوزەیرانی 1952 لەئەستەنبول لەدایك بووە لەنێو خێزانێكی خۆشگوزەراندا، لەوانەی بەفەڕەنسی قسەدەكەن، ئەندازیاری بیناسازی خوێندوەو پاشان دەستی لێ هەڵگرتوەو ڕویكردوەتە ئەدەب، ماڵەكەیان دەڕوانێتە ئەو پردەی بەسەر بسفۆڕەوەیە و ئەوروپا بەئاسیاوە دەبەستێتەوە، بابەتەكانی پاموكیش كاركردنە لەنێو كلتوری خۆرهەڵات و خۆرئاواو زۆرجارانیش بەوە تاوانباركراوە كە لایەنگیری خۆرئاوایە ئەویشیان وەك تۆمەتەكانی تر پوچە، ئەو بەتەنیا لەڕێگەی ڕۆمانەكانیەوە ئەو ناوبانگەی دەرنەكردوە ئەگەرچی سەرچاوەی سەرەكی هێزو مەنتیقی پاموك ڕۆمانەكانیەتی، بەڵام هەڵوێستە بوێرەكانیشی جۆرە وروژاندنێكی لەڕادەبەدەر یان لەدەور دروستكراوە.

ئەو یەكەمجار لەگۆڤاری "دێرشبیگل"دا وتی قەتلوعامی ئەرمەنیەكان لەسەردەستی تورك كراوە لەڕابردودا، ئێستاش 30هەزار كورد بونەتە قوربانی شەڕی حكومەتی توركیا لەدژی "پ.ك.ك" پێویستی گیانی لێبوردنمان هەبێ و داوای لێبوردن بكەین، كەچی دەسەڵاتداران و نەتەوەپەرستەكان كەوتنە دژایەتیكردنی و چەندجارێك دایانە دادگا بۆ تاوانباركردنی، كاتێك پاموك خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێ هێشتا مەلەفی دادگای توركیا بەتەواوەتی لەدژی دانەخراوە.

پاموك ساڵی 1998 ئامادە نەبوو نازناوی "هونەرمەندی دەوڵەت " وەربگرێ و ئەو خەڵاتەی ڕەتكردوە، ئەوكات كتێبەكانی پڕفرۆشترین كتێبی توركیابوون..

ماوەتەوە ئەوە بڵێیم كە ئۆرهان پاموك سەرەتای ڕۆماننوسینی بەڕۆمانیشی "جەودەت بەگ و نەوەكانی" ساڵی 1982دەستی پێكردو دیارترین ڕۆمانەكانیشی بریتین لە"ناوی من سورە، بەفر 2002و دواڕۆمانی چاپكراویشی ئەستەنبول شاری غەمگین 2003"ە.

دڵشاد عەبدوڵڵا